# ماسییەکی سووری چکۆلانە!

سولەیمان فەرشی

ماسییەکی سووری چکۆلانە کەوتۆتە قەراخ ئاوی دەریایەکی پڕ لە ئەستیرە،ئەستیرەکان مەلێ دەکەن، ماسییەک دەدرەوشێتەوە.
براکەم لە پەنا کامپیوتێرەکەی دانیشتووە، بە فرمێسکەکانی شیعر دەهۆنێتەوە، هەموو رۆژێک نەخش و نیگارێکی تازەی بۆ دێنن، لە بیرم چۆتەوە خەڵکی کام وڵاتە، کاتێک هات بۆلام، نە ئاڵایەکی پێ بوو، نە گۆرانی دەگوت و نە هەڵپەرکێی دەزانی. نازانم کەی دەتوانێ شیعرەکەی تەواو کات!؟

منداڵەکانی وڵاتی من پرچی ناسکی دایەگەورەیان دەهۆنەوە، بۆنی مێخەک وڵاتی داگرتووە، هەموو چاوەرێی حەکایەتخوانی دایەگەورەن، بەڵام ئەویش چاوی بریوەتە ماسیە سوورە چکۆلانەکەی قەراخ دەریا.
هەموو ئەستێرەکان بوونەتە میوانی ماسیە سوورە چکۆلانەکە. ئەو دەڵێ دەچەم بۆ حەوت تەبەقی ئاسمان، دەچم بۆلای خودا، دەچم دەبم بە ئەستێرە، لە دەریای ئاسمان مەلە دەکەم!
من خەڵکی وڵاتێکم، کە لاوەکانی مردن بە گۆرانی دەچڕن،گۆوەند و هەڵپەرکێ تەواوبوونی بۆ نیە، ئیزرایل سەرچۆپی دەکێشێ، هەموو خۆشەویستەکان ژیانیان بە شاباش بەخشیوە، ئەوانەی وا قیت هەڵدەپەرن کەس بە سەریاندا هەڵ ناڵێ!
سۆارە و هێمن و هەژار بە دە ورمانەوە نەماون، بۆ وشە داماوم! لەشی وشەکانم هەڵدەوە رن، کاتێک ئەستێرەیەک دەکوژێتەوە،کاتێک پەپولەیەک باڵی هەڵدەپروزێ. وشەکانی من چاوەرێی تیشکی ئاگری پیرۆزی ئەهورامەزدان، وشەکانی من مردن نارازێنەوە! مریدی خۆرن و ژیان دەپەرستن. وشەکانی من بوونەتە چاوساخی شێخەکەی سەنعان، بوونەتە پردی خۆشەویستی، بوونەتە ناوی ئەو منداڵانەی کە ئێستا لە دایک نەبوون.
حەوت تەبەقی ئاسمان تارایەکی سووری بە سەردا کێشراوە، ئەستێرەکان بوونەتە پەپولە، پەپولەکان بوونەتە ئەستێرە، حەوت شەو و حەوت رۆژ شایی و داوەت دەگێرن. ماسیە سوورە چکۆلانەکە بۆتە میوانی خودا. دایە گەورە ملوانکەیەکی پڕ لە ئەستێرە لە گەردنی کیژۆڵەیەک دەکا و بە هەوادای گۆرانیەکان پرچی بۆ دەهۆنێتەوە.

12.10.2005